| | | |
|---|---|---|
| وەزارەتی ناوخۆ<br>پارێزگای هەولێر<br>ب.گرێبەستە گشتییەکان | | وزارة الداخلية<br>محافظة أربيل<br>مديرية العقود العامة |

ژمارە: ١٧١

٣/ ١٢/ ٢٠٢٠ زاینی

# ئـــاگـــاداری

## ب/ کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە ( ٦٥ )

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی (ئامادەکردنی خواردنی سێ ژەم بۆ بەندکراوان و کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران / هەولێر) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی) پێی هەلدەستێت. جا هەر بەلێندەرو کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەلێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەلێندەر یا کۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش کەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێری خۆجێیەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر(١٢)ی نیوەڕۆ رۆژی ( یەکشەممە ) رێکەوتی ٦/ ١٢/ ٢٠٢٠ دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەکەمان بە نزمترین نرخی تەندەر رازی بێت .وە کرێی بلاو کردنەوەی راگەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

<u>مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر :</u>

- کۆمپانیا تایبەتمەند بێت بە خزمەتگوزاری خواردن و نوێ کراوە بێت .
- پشتگیری باجی دەرامەت نوێ کراوە بێت .
- بارمتەی سەرەتایی بە بری (٨٠،٠٠٠،٠٠٠) هەشتا ملیۆن دینار بە شێوەی ( خطاب ضمان ) یان چەکی پەسەند کراو لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا لەگەڵ خۆی بێنێت وە بەناوی خۆی بێت ، ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی رێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت .
- فرۆشتنی تەندەر ( ٢٥٠،٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار کە ناگەرێتەوە ، وە رۆژانە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی تاکو (١) دوای نیوەرۆ دەبێت.

<u>تێبینی :-</u>

دوو رۆژ پێش کردنەوە تەندەر نافرۆشرێت .

**مافپەروەر**
**هێمن قـــادر**
**ل / پارێزگاری هەولێر**
**٢٠٢٠/١٢/**

<u>وێنەیەك بۆ :-</u>

- ✓ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە رۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەل رێزماندا ...
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی / بۆ ئاگاداریتان / تکایە ....
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران / هەولێر / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە رۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / تکایە......
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی تەندەرەکان
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری — بۆ جێ بەجێ کردن و کاری پێویست......
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان.
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی (I .T)
- ✓ رۆژنامەی خەبات / تکایە ئاگاداریەکە بلاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەل رێزماندا ......
- ✓ رۆژنامەی هەولێر / تکایە ئاگاداریەکە بلاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەل رێزماندا ......
- ✓ یەکیەتی بەلێندەرانی کوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .
- ✓ هۆبەی فرۆشتنی تەندەرات / بۆ کاری پێویست